# چاوگێرانێکی خێرا بەسەر ڕەوتی گەشە و هەڵدانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری، لەئیران و کوردستانی ئێران.

ن: سەعید ئەمانی

بناغە دارێژەرانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو لەو هونەرمەند و نووسەرانە بوون کە سەر بە سەبك و رێبازی رِئالیزم بوون، بەگشت باڵەکانیەوە. رِئالیزمیش هونەر و ئەدەبیاتی دەورەیەکی مێژوویی تایبەت بە خۆیەتی و باری چەوسانەوە و فەسادی ئەشرافیەت و میراتەکەی، واتە سەرمایەداری دەردەخات و تەنانەت لەوەش واوەتر دەچێت و ژیانی پڕ لە مەینەت و کوێرەوەری زەحمەتکێشان بەهۆی ئەو نیزامەوە نیشان دەدات.

نووسەران و هونەرمەندانی ڕئالیستی خۆیان لە رێکەوت و تەسادوف دوور دەخەنەوە و دەپارێزن و وەسف کردنی شتەکانی دەوروبەری خۆیان لەسەر ئەو بناغەیە دانا کە هەر دیاردەیەکی سروشتی و مێژوویی شوینی خۆی لەنێو زەنجیرەیەکی بێئەژماری مەرج و هۆدا دەبینێتەوە.

ڕئالیزم نواندنی ژیانە، بەو جۆرەی کە هەیە، بەڵام ڕئالیزم دیاردە ڕواڵەتیەکان و دیاردە لە ڕووەکان لە جێگای ڕاستەقینە دادەنیَ.

ئینگڵس دەلیَ: سەرکەوتنی ڕئالیزم سەرکەوتنی ڕاستیە بەسەر خەون و خەیاڵ دا. هەر هونەر و ئەدەبیاتێك ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی. ساڵەکانی ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدە، پێویستیەکی مێژوویی بوو بۆ وەلانانی سوننەتەکانی رێبازی کلاسیك، کە نوێنەری ئەشرافیەت و نیزامی ئاغا و دەرەبەگی بوو. هەروەها رۆمانتیزم ئاکامی سەرهەڵدانی چینێکی مام ناوەندی بوو کە تێدەکۆشا بەهۆی دروشم گەلێکی وەك: بازرگانی ئازاد، وێژدانی ئازاد و حکومەتی ئازادەوە، خۆ بخزینێتە ناو دنیای هونەر و ئەدەبیاتیشەوە.

لە سەدەی نۆزدە و بیستەمیشەوە بە تایبەتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، هونەر و ئەدەبیاتێکی نا ڕئالیستی وەکو: ناتوڕالیزم، سوور ڕئالیزم، سمبولیزم و...، بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆرەوە لە گۆرێدا بوون. هونەرمەندان و نووسەرانێك بۆ ئەوەی نەهامەتیەکانی نیزامی مەوجود و تاوان کاریەکانی شەڕ و شوێنەواری ئالۆزیە کۆمەلأیەتیەکانی دوای شەڕەکە و قەیرانی سەرمایەداری لەبیر خۆیان بەرنەوە پەنایان بردە بەر ئەم شێوازە تەم و مژاوی و کینایە ئامێز و دوور لە تێگەیشتنی خەلکە. ئەم شێوە هونەر و ئەدەبیاتە، بەناو، کاردانەوەیەك بوون لەبەرانبەر ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووریەی کە تووشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە ببوو. ڕئالیزمیش وەکو رێبازێکی واقع گرا شێوەیەك وڵام دانەوە بە نیازە هونەری و ئەدەبیەکانی کۆمەڵگای سەردەمی خۆیەتی. ڕئالیزم پاش مەکتەبی رۆمانتیزم هاتە گۆریَ کە لە ئاسمانی خەیاڵدا دەفڕی و ڕاستیەکانی لەبەرچاوی کۆمەلَ حەشار دابوو.

یەکێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەڵێ: ئەدەبی ڕیالیزم پەردەی ناهەمواری لەرووی ڕومانتیزم و چینی سەرمایەدار هەڵماڵی. قوتابخانەی ڕیالیزم، ئەدەبی داگرتە سەر زەوی، ئەدەبێك کە ڕۆمانتیکەکان بردبوویانە دنیایەکی خەیاڵاوی ئاسمانیەوە.

ڕیالیزم پێی وایە هونەر و ئەدەبیات دەبێ لە خزمەت خەڵکدا بێ بە توندی هێرش دەکاتە سەر سیستەمی سەرمایەداری و کەرەستەی ئەزموونەکانی لەچین و توێژە ڕەش و ڕوتەکان وەردەگرێ. بەهۆی ڕیالیزمەوە کرێکار وەك چینێکی مافخوراو هاتە نێو ئەدەب و هونەرەوە. ئالێرەوە خۆری هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری دەردەکەوێ. بەر لە مەشرووتە و ئەوەی پێی دەڵێن مەشرووتەخوازی بزووتنەوەیەکی فکری و فەرهەنگی لە ئێرانیش دەست پێدەکات کە نوێنەرایەتی چینی تازە پێگەیشتوو لە ئێراندا دەکات و خۆ دەنوێنێ. بەدژی فەرهەنگ و هەل و مەرجی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا هەڵویست دەگرێ. بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی، بزووتنەوەیەکی مادی و کۆمەڵایەتی دیاری کراوە، بە شێوەیەك لە چەشنی ڕۆشنگەری لە ئوروپا دەست پێدەکات و شاعیران و نووسەرانێکی تێدا پەروەردە دەبێت، ئەمە درێژەی دەبێ تا دوای مەشرووتەش، لە هەمان حاڵدا ناسیونالیزمێکی ئێرانی لەناو ئەم ڕەوتەدا خۆی حەشار داوە کە داوای سەربەخۆیی یەکی زیاتر بۆ مرۆڤی ئێرانی دەکات و دەیەوێ بەرژەوەندی یەکانی بورژوازی ئێرانی لەبەرانبەر بورژوازی ولاتانیتردا بپارێزێ. ئەمەش دەبێتە بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی کە بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدار نوێنەرایەتی دەکات و هەروەها زاڵ دەبێت بەسەر ئەدەبیاتی ئێراندا و شکڵی پێدەدات و چوارچیوەیەکی فکری نوێ بۆ داستان و شێعر و ڕۆمان دروست دەکا، واتە لەگشت بوارەکانی ئەدەب و هونەردا ڕەنگ دەداتەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕەوتە بە چەشنی جۆراوجۆرەوە تاکاتی ئیسلاحاتی ئەرزی، کە بوو بەهۆی پێکهاتنی شێوەیەکی تر لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەر درێژەی بوو. ئەم ناسیونالیزمە فەرهەنگی ئەدەبیە لەو ماوەیەدا زۆر گەشە و هەڵدان و نرم بوونەوەی بە خۆیەوە بینی.

لە سەردەمی ڕەزا شادا شێوەیەکی تر لە ناسیونالیزم سەر هەڵدەدات کە شێوەیەکی حکومەتی و بیرۆکەی وەك دژایەتی لەگەڵ عەرەب و گەلانی تر پەرە پێدەدات و تەنگ بە ناسیونالیزمە لیبراڵیەکە هەڵدەچنێ و پاشەکشەی پێدەکات. بەڵام ناتوانێ هونەرمەند و شاعیر و نووسەرانێکی زۆر بەلای خۆیدا بکێشێ. هەرچەند هێندێکیش لەگەڵ خۆیدا هاوئاهەنگ هەر دەکات. ناسیونالیزمی سەردەمی مەشرووتە تووشی بونبەستێك دەبێت، تووشی بێ دەرەتانیەك دەبیت، لەگەڵ شکستی ئارمانە ئازادی خوازانەکەی دا رووبەروو دەبێت و بە هۆیەوە ئەو ئەدەبیاتە پێشکەوتن خوازانەی کە تازە گەشەی کردبوو، تازە گوڵی کردبوو، دادەمرکێ و شێوەیەك ئەدەبیاتی بێ هیوای ماتەماوی سەر هەڵدەدات و برەو پەیدا دەکات. لە دەورەیەکی تردا بەهۆی خوڵقاندنی فەزایەکی ئازادترەوە ئەم گرایشە ناسیونالیزمە لیبراڵیە سەر هەڵدەداتەوە، وەك سیاسەت لە کۆمەڵدا و لە پاڵیەوە دەبینین کە نووسەری، شاعیری و هونەر بە گشتی سەر لەنوێ دەبوژێنەوە و دێنەوە مەیدان. لەگەڵ ئەمەشدا کە سەردەمی دوای شەڕی دووی جیهانی یە گرایشێکی کۆمەڵایەتی تریش سەرهەڵدەدا، گرایشێکی

ڕیفۆرمیستی کە ئەویش خۆی ئیلهام بەخشی شێوەیەك هونەر و ئەدەبیاتە.

ئـەم گرایشـە ڕیفورمیسـتیە، لەڕاسـتی دا لـە زەوەو بناغەکـەی دامـەزرابو، یـان ڕووداوەکـانی دنیـا، ڕووداوە کرێکاریەکانی دنیا وەك ئوروپا و شورشی 1905ی ڕووسیە و باقی ناوچەکانی جیهان شوێنەوار لەسەر ئەم گرایشە لە ئێران دادەنێن و دەبنە بەردی بناغەی ئەم گرایشـە. ئەم گرایشـە هەرچەند بەکزی، بەڵام، لـە دەورەی مەشـرووتەوە هەسـتی پـێکراوە، بـە شـێوەیەك هـەل و مـەرجی ژیـانی چیـنی کرێکـار و خـەڵکی فـەقیر و هـەژار و توێژی خوارەوەی کۆمەڵ لە شوێنەوارە کانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و سەرنجیان داوەتێ. ڕۆشنتر بلێم شوێنەواری ئـەم گرایشـە بـە بەرهـەمـەکانی "فـەرووخی یـەزدی" و بـە تایبـەتی "لاهووتیـەوە" بەباشـی دەبینـدرێ، بـەر لـەوان کەسانێکی وەك "عارف قەزوێنی"، "عیشقی" و کەسانێکی دیکە سەرنجیان دابوە ئەم لایەنە. ئەمانە هەرچەند ناسیونالیسـت بـوون بـەڵام بـە شـێوەیەك هـەل و مـەرجی ژیـانی چیـنی کرێکـار و زەحمـەتکیش وەك ڕاسـتیەکی کۆمەڵایەتی ئاژین بۆتە ناخی بەرهەمەکانیانەوە.

لەدوای مەشرووتە بەم لاوە هەرچەند ئەم ڕێبازە فکریە هێنـدە بـەهێز نیـە بـە باشـی هەسـتی پـێ بکـرێ، بـەڵام بەرهەمێکی زۆری ئەدەبیاتی پێشڕەو و کرێکاری وەردەگێردرێتە سەر زمانی فارسـی و ئـەوە خـۆی خزمـەتێکی گەورە بە بەرەوپێش چوونی ئەم گرایشە دەکات. ئەم بەرهەمـە ئـەدەبی یـە جیهـانی یـە کـە وەرگێردراوەتـە سـەر زمانی فارسی برەوێکی باش بەدەست دێنێ.

دوای ئیسـلاحاتی ئـەرزی، چیـنی کرێکـار بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پـەرە دەسـتێنێ، بـەڵام دەبیـنین کـە لەگـەڵ پەرەسەندنی چینی کرێکار ئەدەبیاتی ئەم چینە تا ساڵی 57 بەباشی خۆی نانوێنێ، بەڵام شتێکی کە بە باشی هەسـتی پێـدەکرێ بـوونی ڕەوتێـکی وردە بـورژوازی یـە، ڕادیکـالیزمێکی وردە بـورژوازی، ناڕەزایەتیـەکی وردە بورژوازی یە کە بە بەرینی لە ئەدەبیاتدا خۆی دەردەخات. لە ساڵەکانی 40 تـا 50ی هـەتاوی شـێوەیەکی تـر لـە ئـەدەبیات دێتـە گـۆڕێ کـە لەچـاو ئـەوی پـێش خـۆی نـاڕازی تـر و ڕاپـەڕین خوازانـەترە و نـاوەرۆکێکی دژی سەرمایەداری و دژی ئیستعماری تێدایە. ئەم شێوە گرایشە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی هونەرمەندانێکی لەچەشنی "سەعید سوڵتان پوور" و "خوسرەوی گوڵسورخی" هەڵبەت لەپاڵ ئەم گرایشەدا و لەژێر کاردانەوەی ئەو کەش و هەوا کراوەیەدا هونەرمەندانێکی تر و شێوەکی تر لە ئەدەبیات، بەڵام بە تـەواوی دواکەوتوانە دێنـە ئـاراوە کـە کەسانی وەك "جەلالی ئالی ئەحمەد" نوێنەرایەتی دەکەن.

لەساڵی 57 بـەملاوە هـەل و مەرجەکە دەگۆڕێ، هـەولێکی چڕوپڕ لـەپێناو گەشـە پێدانی هونـەر و ئـەدەبیاتی کرێکاریدا دەست پێدەکا، ئەم هەوڵە زۆرتر لە بواری وەرگێرانی بەرهەمە کرێکاریە جیهانی یەکانە بۆسەر زمانی فارسـی. وردە وردەش لەگشـت بـوارە فەرهـەنگی و هونـەری یەکانـدا بەرهـەمی جۆاروجـۆری کریکـاری دەخولقێندرێن، بەشێکی بەرچاو لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی ناوخۆ سەرنج دەدەنە ئەم بەشە لە هونەر و ئەدەبیات و پەرەی پێدەدەن. کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچە جیاجیاکانی ئێران بەرهـەمی هونـەری سەربەم ڕەوتە و تایبەت بە فەرهەنگی ناوچەکەی خۆیان بەرهەم دێنن و خزمـەتێکی باش بـە گەشـە و هەڵدانی

هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری دەکەن. بەداخەوە ئەم بوارە لەبارە دوای شۆڕشی1357 زۆر بەردەوام نابێت و لەلایەن بە دەسەلات گەیشتوانی کونەپەرستی کۆماری ئیسلامی یەوە بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە و دژی ئینسانی دەکەوێتە بەر سەرکوتێکی توند و خوێناوی. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینێ دەبینین کە لە مەودای ئەم دوو سێ ساڵەی لە 57 تا 59دا بەرادەی گشت 70 ساڵی ڕابردوو، هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری، کاری بۆ کراوە و تەرجمە و نوسینی بۆ چاپ و بلاّو کراوەتەوە. ئەگەرچی ئەم بەرهەمانە بەشێکی کەمیان هی خودی نووسەران و هونەرمەندان و کرێکارانی ئێرانی بوون، بەلاّم بەمەشەوە ئەم شوێنەوارانە کاردانەوەی باش و بەرچاوی خۆیان بوو، چ لەباری بردنە سەری پلەی وشیاری سیاسی و چ لەبواری پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر "کاپیتاڵ" شکڵی داوە بە وشیاری چینی کرێکار لەئێران، بەقینەن "نینا"ش شوێنەواری تایبەتی خۆی بوە، ڕۆمانی "دایك"یش هەر بەو چەشنە.

بە واتایەکی تر ڕەوتی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری لەسەرەتای ساڵی 57وە بە شێوەیەکی هەست پێکراو سەری هەڵدا و سەرتاکانی بە روونی دەرکەوت. بەلاّم زۆر زوو کۆماری ئیسلامی بەری پێدەگرێ و سەرکوتی دەکات. ئەگەر ئەم ڕەوتە لە کوردستاندا چاو لێبکەن، (مەبەستم کوردستانی ئێرانە)، بەناوەرۆکێکی ناسیونالیستی یەوە بەر لە کۆماری مهاباد دەست پێدەکا، واتە جیاواز لە ئەدەبیاتی کلاسێکی کوردی. "سەیف القوزات" یەکەمین کەسێکە کە بناغەی ئەم ڕەوتە دادەڕێژێ، بە تایبەت لە ناوچەی موکریان دا. ئەمیش ئیلهام بەخشی بەرهەمەکانی، ناسیونالیزم بوو هەربەم هۆیەوە سەرنجێکی زیاتری دەدایە شێوەی ژیان و ئاخاوتنی جەماوەری خەڵك، ئەمە خۆی یارمەتی دەرێ بووبۆ دۆزینەوەی شێوەیەکی زمانی کە لە شێوە کلاسیکیەکەی زۆر هاسانتر بوو، ئەم شێوە فۆرم و زمانە، خەڵکی زۆر هاسانتر لێ حاڵی دەبوو لەچاو شێوە کلاسیکیەکەی پێشوو.

ئەو کوششەی بەر لە کۆماری مهاباد کراوە هەولێکی کاریگەر بوە. بۆیە هەر دوای تێکچوونی وەزعی ئێران و نەمانی دەسەلاّتی حکوومەتی لە کوردستان و پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ- ك و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەدەبیاتی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. بەلاّم ئەدەبیاتێکی بە تەواوی ناسیونالیستی و بورژوازی.

بەهۆی پەیوەندی یەکی کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ شورەوی دا بوویان ڕەگەیەك لە ئەدەبیاتی سوسیالیستی دێتە ناو ئەدەبیاتی کوردی یەوە، ئەگەرچی شوێنەوارێکی ئەوتۆی نابێت. چون زۆرتر تاریف و پیاهەڵدانی ئیستالین و ئالاّ و داس و چەکوشە، باسێك لە هەل و مەرجی ژیانی چینی کرێکاری تێدا نیە، ئەگەریش بروبێت زۆر کەم ڕەنگ بوە. لەم دەورەیەدا بەرهەمی هێندێك لە شاعیرانی وەك "قانع"و "هێمن" و تاڕادەیەکیش "هەژار" لە ئەدەبیاتێکی سەر بە خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێش نزیك دەبێتەوە. ئەمەش خۆی ئەوە دەردەخات کە بەهۆی حزووری ئەم چینە لە کوردستان، وەك هەر شوێنێکی تری دنیا، هەل و مەرج و شێوەی ژیانی لە ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەدوای ئیسلاحاتی ئەرزی یەوە بەهۆی گۆڕانێکی کە لە

کوردستان دا روی دا، بوو بەهۆی ئەوەی کە شێوەیەکی تر لە هونەر و ئەدەبیات سەر هەڵبدات ئەم ئەدەبیاتە نوێیە کە لەلایەن رۆناکبیرانی کوردەوە بەدی هێندرا سنوورەکانی لەگەڵ ئەدەبیاتی ناسیونالیستی بورژوای بەر لە ساڵەکانی چل دا زۆر روون نیە، بەڵام سوژە و تیمەکانی و هێندێك بیرۆکە و فۆرمی جیاواز لەگەڵ ئەدەبیاتی ناسیونال بورژوازی پێش خۆی ئەمە نیشانەی هەولێکە بۆ نزیك بوونەوە لەژیانی زەحمەتکێشان و دەرخستنی ئەم شێوە ژیانە لە دووتویی هونەر و ئەدەبیات دا، ئەمە هەولێك بوو بەرلە شۆرشی ساڵی 57 درابوو وەك خۆی میراتێك بوو، هەرچەند بەرتەسك و بچووك، میراتێك سەر بە چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا کە بەشێك لە لایەنەکانی ژیانی ئەوانی تێدا نیشان درابوو.

لەدوای شۆرشی ساڵی 57وە لەپاڵ هەر میتینگ و کۆبوونەوەیەکدا، هەولێکی بەرین بۆ پێشکەش کردنی هونەر و ئەدەبیاتێکی شۆرشگێرانە و رزگاری خوازانە و پێشکەوتن خوازانە و روو لە زەحمەتکیشان دەدرا. ئەم هەولانە دوو رێبازی تێدا دەبیندرا کە یەکێکیان بە روونی دیار بوو ئەدەبیاتێکی بە تەواوی کلاسیکی کۆن و ناسیونالیستی بوو کە برەوی باش و بەرچاویشی بوو. لەناو ئەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەری یەدا و ئەوی دیکەیان ئەدەبیاتێکی تازەتر و بە تەواوی جیاواز لەگەڵ ئەوی دیکەدا بوو وە دەیەویست پەرەپێدەری شیوەیەکی تر لە ئەدەبیات بێت. ئەم دوو رەوتە هەر لە پاییزی ساڵی 57وە دەبیندران، ئەگەر شێعرێکی سەر بە رەوتی پیشوو بخوێندرایەتەوە حەتمەن لەپاڵی دا شێعرێکی کرێکاری و زەحمەتکیشی دەخوێندراوە. شێعرەکانی قانع، ئەوانەی وا لە پەیوەند لەگەڵ هەل و مەرجی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دا بوون، کرانە سروود و لەماوەی چەند مانگ دا بەرادەی 40- 50 ساڵی رابردووی خوێندرانەە و کەوتنە سەر زاران. شێعری "ئارەق و تینی" هیمن و "ئەیاری" هەژار هەر بەو شێوەیە کەوتنە سەر زاران. لەگەڵ ئەوەشدا تینویەتیەکی کۆمەلایەتی، نیازیك کە لە کوردستاندا لە پەیوەند لەگەڵ هونەر و ئەدەبیاتەدا هەست پیدەکرا، ئەو میراتە ئەدەبی یەی لەبەر دەست دا بوو، وەلام دەرەوە نەبوو وە ئەو تینویەتیەی نەدەشکاند. ئەم نیازە بوو بە هەوێنی سەر هەڵدانی هونەر و ئەدەبیاتێکی نوێ. ئەمەش لەگشت بوارە ئەدەبیەکانی، وەك شێعر، شانۆ، سروود و چیرۆك دا خۆی دەنواند.

بەهۆی لە ئارادا بوونی بزووتنەوەیەکی زیندو و بەهێزی جەماوەری و درێژەی ئەم بزووتنەوەیە و حزووری رەوتێکی چەپ و کۆمۆنیستی بەهێز لە کوردستاندا، ئەم گرایشە گەشەی سەند و هەڵی دا و هەرچی دەهات پتر خۆی لە رەوتەکانی تری پێش خۆی دوور دەخستەوە و توانی وەلامی بەشێك لە نیازەکانی ئەو بزووتنەوەیە بداتەوە. واتە خودی بزووتنەوەکەش کاردانەوەی لەسەری بوو. سروودی "ئەنترناسیونال" لە نیاز و کاردانەوەی بزووتنەوەکەوە سەری هەڵدا، و سروودی "یەکی ئەیاریش" هەربەم شێوەیە. وە بەرەبەرە بەم شێوەیە لە مەودای 10- 15 ساڵی دوای شۆرشی 57وە ئەدەبیاتێك بە ناوەرۆکی کرێکاری و زەحمەتکێشیەوە و بە ئیدعای کرێکاری و زەحمەتکێشی بوونەوە شکڵی گرت، لە کوردستاندا بەشی هەرە بەرچاوی هەڵسووراوانی ئەم گرایشە لە ریزەکانی کۆمەڵەدا بوون. لە درێژەی تێکۆشانیان دا بەم ئاکامە گەیشتن کە

چوارچێوەیەکی فکری بۆ خۆیان دارێژن و توانیان بە شێوەیەکی بەرچاو شوێنەوار لەسەر کۆمەڵگای کوردستان دابنێن.

ئەم ڕەوتە شایەد لە دەورەیەکی زەمانی دا تووشی نەکسە و ڕکوود بووبێت بەڵام ئێستاش، هەرچەند هێندێك پرش و بلاو، بەڵام هەر بەردەوامە و بە هیچ شێوەیەك حاشای لێ ناکرێ. دیارە ئەم ڕەوتەش لەگەڵ هەموو شێلگیری و گەشە و هەڵدان و لایەنە بەهێز و لاوازەکانیەوە توانی وڵامی تەنیا بەشێکی زۆر کەمی نیازەکانی بزووتنەوە و نیازە کۆمەڵایەتیەکان بداتەوە، چونکە ئەم کۆمەڵگایە زۆر لەوە نیازمەندتر و تینوترە پێویستی بە هەوڵ و ماندووبونی زیاترە. هەرچەند هێندێك بە بیانوی "مۆدێرنیزم" و "پۆست مۆدێرنیزمە"وە چاو لەم ڕەوتە دەنوقێن و لە بەرچاوی ناگرن، بەڵام حزووری بەرچاوی چینی کرێکار لە جەرگەی کۆمەڵگادا و ژیانی کوڵەمەرگی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵ بیانەوێ و نەیانەوێ گرایشیکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و ئەم گرایشە هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی خۆی لەنێو تێکۆشەرانی کرێکاری و هونەرمەندانی پرۆلیتری دا پەروەردە دەکات و دەتوانێ سەرنجی زۆر ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندی ئازادی خواز و مرۆڤ دۆست بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە ئاکامدا بەرهەمی زۆر پربایەخ و ئینسانی لە داهاتوودا بخولقێنێ.

---


سەرچاوەکان:

1- گۆڤاری هانا 12- 11ی سالی 1999

2- کاسێتێك کە، بەداخەوە، ناوی خاوەنەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە.

3- لەو دیو ڕەنگ و پەردەوە. چاپی 1995


ئەم بابەتە لە ژمارە 2 ی پێشەنگ دا چاپکراوە، دوای هەڵەبڕکردنی جارێکی تر بلاوم کردەوە.